# وەزارەتی دەرەوە هێرشە بەردەوامەکانی ڕژێمی زایۆنی بۆ سەر شاری جەنین شەرمەزار دەکات

ئەمڕۆ پێنجشەممە،وەزارەتی دەرەوە،هێرشی بەردەوامی ڕژێمی زایۆنی بۆ سەر شاری جەنین لە کەناری ڕۆژئاوای داگیرکراو شەرمەزار کرد.

وەزارەتی دەرەوە لە ڕاگەیەندراوێکدا کە ئاژانسی موتەڵڵع بەدواداچوونی بۆ کردووە ، تیایدا هاتووە :

بە توندترین شێوە هێرشە بەردەوامەکانی ڕژێمی زایۆنی بۆ سەر شاری (جەنین) لە کەناری ڕۆژئاوای داگیرکراو مەحکوم دەکەین،هەروەك ئەم کردەوانە پێشێلکردنێکی ئاشکرای یاسای نێودەوڵەتی و مرۆیین.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە،وەزارەتی دەرەوە،داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی،بەتایبەت ئەنجومەنی ئاسایش کرد،بەرپرسیارێتی خۆی هەڵبگرێت بۆ ڕاگرتنی ئەم پێشێلکارییانە و پاراستنی گەلی فەلەستین، وگیانی هاوڵاتیان و دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە.